# گەنجە لادێیەکان
# ئەو توێژەی کەلە پەراوێزی هەموو شتێکدان



محەمەد گەلاڵەیی

لەنێو راگەیاندن‌وچاپەمەنیە هەمە چەشنەکانی کوردستان هەر لە لەتەلەفزیۆن‌ورۆژنامەکان‌ورادیۆوسایتە ئەلیکرتۆنیەکانی وبەشێك لەکاروبەونوسیەنەکانیاندالەسەر گەنج‌و کێشەوگرفتەکانیان وچارەسەر کردنی ئەو کێشانەی کە هەن‌وروودەدەن‌و رۆژانە زیاد دەبن بە پێی گۆڕان کاریەکانی ئێرەوئەوێ لە هەمانکاتیشدا دروستکردنی پردی دیالۆگ لە نێوان گەنج‌ودەستەلاٌت هەندێ جاریش گۆمەلگاش دەگرێتەوە لەم گفتوگۆیانەدا، بەلاٌم لە هەموو ئەم ووتارولێدوانانەوبەرنامە سازیانەی دەکرێن‌وپەخش دەکرێن لە کەناڵە نووسراووبینراووبیستراو بەتایەبتیش ئەوانەی زۆر دەنووسن‌و قسە دەکەن لەسەر گەنج بەداخەوە هیچ کامێکیان چ بەئاماژەیەکی کورتی دوو ووشەیی یاخود بەچەند چرکە قسەکردنێك لەسەر کێشەو گیرو گرفتەکانی گەنجانی لادێ بەگشتی قسەیەکیشیان نەکردووە نەبەچاك‌وخراپ، بۆنموونە وەك هەندێ دەڤەری باڵەکایەتی‌ودولەکانی رۆستێ‌وباڵەیان‌ومەنجەلێێ..هتدوهەندێك شوینی تریش زۆربەی گەنجەکانیان نەخوێندەوارن ونارۆشنبیرن‌ونازانن دوا رۆژیان چی بەسەردێت،ئەم پشت گوێ خستنە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە هەندێك جار ووشەی "گەنج"بەگشتی بەکارهاتووە تەنانەت هەندێ جاریش بۆ رەگەزی نێر زیاتر بەکاربراوە نەك بۆ جێندەری مێ ..!!یاخود تەنیا راگەیاندنەکانی کوردستان بەس باسی کێشەکانی گەنجە شارییەکان دەکەن،نەم دێوە رۆژێکیان کامێرای تەلەفزیۆنەکانمان یاخود ئەو بەرنامانەی تایبەتن بەگەنج چووبنە دیداری ئەو گەنجە لادێیانە کە پانزە ساڵە چاوەروانن کێشەکانیان‌وخۆنیان دەربکەون لەسەر تیڤیەکان‌وهەناوی پرلە گلەییان بۆ بەرپرسان باس بکەن،ئەمەش بەپلە یەك رێکخراوەکانی گەنجان‌ولاوان‌ودوایش سەرجەم راگەیاندنی کوردی بە حزبی‌وحکومی‌و بەناو ئەهلیەکان خەتاباردەبن لەم روەوە،هەروا دەزانن بە تەنیا گەنجەکانی شار پێویستیان بە پارك‌و شوێنی حەوانەوەو وکتێبخانەوشوێنی رابواردن وهەبوون‌و دەستەبەر کردنی بیروڕای ئازادانە وکردنەوەی خولەکانی کۆمپیوتەروئەنتەرنێت هەیانەو..هتد.ئەمەش کارێك لەسەر حسابی گەنجەکانی لادێ یەوە بۆ یان دابین ئەکرێت‌و بەشێوەیەکی رێژەیی لەبەرئەوەی ئەم رێکخراوانە کەداکۆکی لە سەرجەم گەنجەکانی کوردستان دەکەن خۆیان بە خاوەنی توێژێکی گەورەی کۆمەلگا دەزانن کە چیش دەبینین گەنجەکانی لادێکانیان ئیهمال کردووەو وا دەزانن هەر دەڵێی بوونیان نیە وە هەر گەنجی شار بەرەوا دەبینین بۆ خۆشکردنی ژیانی گەنجەکان لەکوردستاندا.بۆیە دەبینرێت زۆربەی گەنجە گوندییەکان هەیە نەخوێندەوارەوهەموو جۆرە

ڕۆشنبیریەکانی ئاینیوسیاسیوکۆمەڵایەتی وسێکسی تا ئەو پەری نەزانین نەزانە دەربارەی ئەم بوارە سەرەکیانەی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤن،کەدەبنین کۆمەڵی کوردستانی بەدەست چەندان کێشەوگرفتی کۆمەلأیەتیوداب‌ونەریتی کۆن‌وکولتورە باوەکانی سەردەمی سەدان ساڵی پێش ئێستا دەناڵێنێت بەتایەبەتیش لێرەدا کچانی گەنج کە ژیانیان زۆرجیاواز نیە لەگەڵ سالأنی سەدەی ڕابردوو وڕێژەیەکی کەم دەبینرێن لە خوێندنگاکانی ناوەندیو دواناوەندی وئەو گوندانەوناوچانەی کەبەزۆری گوند نشینن،لەلایەکی تر هەست دەکرێت‌ودەبینرێت هەر بێجگە لەوە چەندان کێشەی ژن بە ژنێ وگەورە بە بچووکی وچەوساندنەوەی گەنجی کچ لەم ناوچانە زۆر بە ئاشکرایی هەستی پێ دەکرێت ڕۆژ بەدوای ڕۆژ لە زیادبوون دایە.لەهەمان کاتیشدا زۆرێك لە قەیرەیی کچان زۆرەو ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕێگەنەدانیان لەلایەن خێزانیانەکانیانەوە کە رای تایبەت بە خۆیان هەبێت بۆ هەڵبژاردنی کوڕێك بە دڵی خۆیان بەتایبەتیش لەسەردەمی گەنجێتیاندا لێرەشدا گەنجەکانی لادێ بە دەست چەندان نەخۆشی دەرونیووجەستەیەکانیش دەناڵێنن،بێجگە لەمانەولایەکی هەرە گرنگی گەنجانی ئەمرۆی گوندەکان زۆری هەوەس بازیوتادەست درێژکردنە سەر ئاژەڵەکانی وەکو کەرولێدانی دەسپەڕوبەژێردەستەکەردنی ئەم ئاژەلأنە تا چێژە سێکسیەکانیان لێیانوەردەگرن‌ولەهەمانکاتیشدا ئەمەش دەبێتە دیاردەیەکی هەم لە رووی دەرونیومرۆڤایەتیوئاینیوهەتا بگرە ژینگەیشەوە وتەندروستیش لەسەرووی هەمویانەوە کارێکی ناڕەوا دەبینرێت،لە دواکەوتنی لێرەشدا کە ئەم کارانە روو دەدەن هیچ لایەن‌ودەزگای پەیوەندی دارەکان‌وڕێکخراوەکانی تایبەت بە گەنج‌و بەهانای ئەو گەنجە لادێکان ناچن‌ولێکۆڵینەوە ناکەن سەبارەت بەو کێشەو گرفتانەی هەیانە،کە هەموو رۆژێك لەلای ئەوان وەك یەك وایەولەوانەیە خراپتریش بێت،چونکو ئەوان ژیانی رۆژانەیان هەر بەم شێوەییە کە لەیەکەمین رۆژی چوونەوەیان بۆلادێکانیان سەرباری ئەوەش گەلێك گەنج هەن تائێستا گەش بینین بەوەی کە رۆژێکیان بگەن بە هەندەران‌و رزگار بوونیان لەو کولتورە کۆنەی گوندەکان‌وئاوڕلێنەدانەوەی حکومەت‌وئەو حزبانەی کە زەمانێك ببووون بە برایان هەموو کاتێك هاریکاریان کردن تا ئەو کاتەی ڕاگوازران بۆ کۆمەڵگا زۆرە ملێکان‌وبەتایبەتیش ئەو ڕێکخراوانەی گەنجان‌ولاوان بۆ نموونەش کە لەسەرەتا ئاماژەم پێکرد گەنجانی دەڤەری باڵەکایەتیو دۆڵەکانی ڕۆست‌ومەنجەلێ‌وباڵەیان..هتد گەنجانی ئەم دەڤەرە بە تایبەتیش گوندە دووروشوێنە سەختەکان ژیانێکی پڕ لە ئەستەمی بۆ گەنجانی دروست کردوەوهەروەها یەك دوو سەنتەری کۆمپیوتەرو ئەنتەرنێت‌و ڕۆشنبیری گشتی لەم دەڤەرانە نابینرێت،کە خزمەتی گەنجانی ئەم دەڤەرانە بکاتن،کە زۆربەیان گوندن‌وقەزایەك وسێ ناحیەی بچووکیان هەیە سەرەرای نەبوونی یانەیەکی بەهێز کەدەبینین زۆر یاریزانی باش هەبووینەوهەن لەو گوندانەی کەدەتوانرێت لە ئایندەدا سودیان لێ بەبینرێت،بۆیە جارێکیتر دەبینین ئەم هەموو گەنجانە بێ ئیش‌و سەرلێشێواوی گوندەکان کە هێزی کاریان لەکار کەوتووەوبووینە چینێکی بێ خزمەتکارولەلایەکی ترەوەو وەکو زۆربەی گەنجەکان شاری مشەخۆرن لە گوندەکەیان لە دوا دێرەکانی ئەم نووسینەدا ئەرکی هەموو ڕێکخراوەکانی گەنجانن کە ئاوڕێك لەو گەنجە

گوندیانە بدەنەوە وکێشەو گرفتەکانیان بۆ یان چارەسەر بکەن وئەوانیش بەقەد گەنجانی شارتۆزێك سوودمەندبن بەو پرۆژانەی حکومەت ورێکخراوە حکومەیەکان ئەنجامی دەدەن با ئەوانیش سوود مەندبن وداهاتوویەکی گەش ورۆشنیان لەو گەنجە لادییێەکان وەربگرین ،هەروەکو پێشووش ئەو گەنجانە بوون کە بەشێکی نیشتمان‌وچاوساغی شۆرشە کوردیەکانیان دەکرد،بە درێژایی مێژوویی شۆرشەکان کەدەبیین نەوەکانی ئەم شۆرشگێرانە گەنجی گوندە بێ خزمەت وچاو لە دەستی رێکخراوەکانی گەنجان‌ولاوانن.

باشوری کوردستانی _شاری سۆران
2006/3/17 _هەینی